KURDISTAN NATIONAL ASSEMBLY
ERBIL, KURDISTAN - IRAQ
OFFICE OF THE SPEAKER

ئەنجوومەنی
نیشتمانیی کوردستانی عێراق
کوردستان - هەولێر
نووسینگەی سەرۆک

No:
DATE:

ژمارە:
بەروار:

بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان

بەناوی گەلەوە

ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

ژمارەی بڕیار: ١٦

مێژووی بڕیار: ١٩٩٧/٩/٢٣

# بڕیار

بەپێی حوکمەکانی مادە (٤٤)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ و برگە (٢)ی مادە (٣٠)ی لە پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراوداو لەسەر داوای مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بە نووسراویان ژمارە (١١٤٦) لە ١٩٩٧/٩/١٨دا ئەنجوومەنی نیشتمانیی لە دانیشتنی ئاسایی خۆیدا رۆژی ١٩٩٧/٩/٢٣ بڕیاری دا:

**یەکەم:** پەسندکردنی دەست لە کارکێشانەوەی ئەو ئەندامانەی کە لە خوارەوەدا ناویان هاتووە لە ئەندامێتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراقدا.

١. بەڕێز شێخ عدنان محمد نەقشبەندی.
٢. بەڕێز د. حسن حسین بفری.
٣. بەڕێز مأمون نور محمد بریفکانی.
٤. بەڕێز فلک الدین صابر کاکەیی.

**دووەم:** ئەم پاڵێوراوانەی کە ناویان لە لیستی هەڵبژاردندا هەیەو ناوەکانیان لە خوارەوە هاتوون شوێنی ئەندامە دەست لە کارکێشراوەکان دەگرنەوە کە لە برگەی سەرەوەدا هێمامان بۆ کردن بە گوێرەی زنجیرەی ناوەکانیان.

١. بەڕێز یار احمد افراسیاب روستم.
٢. بەڕێز شفیق امین محمد.
٣. بەڕێز ظاهر محمد ابراهیم.
٤. زهرا حاجی طه رسول.

**سێیەم:** ئەم بڕیارە لە مێژووی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێ و لە رۆژنامەی رەسمیدا بلاو دەبێتەوە ،

**لە رۆژی ١٩٩٧/٩/٢٣ لە هەولێر نووسراوە**

جوهر نامق سالم
سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی
کوردستان - عێراق